# کوردستانا من




## ئەحمەد دەشتی

**تۆ گیانی منی تۆ هەستی منی**
**کوردستان ڕوگەو گشت بیری منی**
**کوردستانی جوان ئارامی دڵم**
**بینای چاوان و گوڵی سەرچڵم**
**هیوای دەرونم سەربەخۆییتە**
**شادی و ڕزگاری خاکی زێڕینتە**
**من هەتاکو هەم بەقوربانی تۆم**
**پێشمەرگەی گەل و ڕێی ئازادی تۆم**
**کوردستانی من دەبێ سەرکەوێ**
**ناوی لە جیهان دەبێ دەرکەوێ**
**تا کوردستانم سەربەخۆ نەبێ**
**لەم جیهانە من ئارمیم نابێ**
**بۆیە لە ڕێگەت من گیان قوربانم**
**خۆشەویستری لە گشت ژیانم**
**ئاڵای ڕەنگینت من وەسەر دەخەم**
**کوردستان ناوت هەر وەدەر دەخەم**
**دەبێ ڕۆژی بێ کە سەربەخۆ بم**
**خاوەن قەوارەی هەواری خم بم**
**تەکنەلۆژیای کورد منیش وەسەرخەم**
**لە جیهان ناوی کورد وەدر بخەم**

*